# کێ بەرپرسە لە بەدحاڵی بوون

ڕزگار عبدالكريم

ماوەیەکە کۆمەڵێک کەوتونەتە کاری هەلپەرستانەو لە پێناو داخوازیەکی نادروستدا ولە
پێناو خزمەت کردن بەڕەوتی نائینسانی ودەسەلاتی حاکم دا هەلپەرستانە دەیانەوێت زۆر لە مەسەلە
ئینسانیەکان بەئاقارێکی لاڕێدابەرن و بەدحاڵێتی خۆیان بەسەر بەشێکی زۆر
لە خەڵکی ئازادی خوازدا پیشان بەن کە دیارە هەریەک لەو بۆچوونە نادروستانە ناتوانێ
بۆ زەڕەیەک هاوپشتی خەڵکی ئازادی خواز لەمەسەلەئینسانیەکان ببڕێت، تا ئەو جێیەی
دوانزەساڵە وەزعێتی خەڵکی کوردستان لە سایەی دەسەلاتدارانی ئەحزابی ناسیونالیستی
کوردیدا لە کولەمەرگی ژیانی ئاوارەیی وشێوە ئۆردوگایدا ژیاون هەمیشە بەربەست بوون
لە بەردەم ڕەوتێکی نوێی ئازادیخواز دا ئیتر ڕاستەوخۆ بێت یان لە ڕێی بەکرێ گیراوانیان
کەوتونەتە شێواندنی ڕاستیەکان وبەو مانایەی تا بزوتنەوەی کۆمەلایەتی ئازادی خواز لەبرەو دابێت
وئۆتۆریتەی سیاسی ئەوان لەخەتەردا دەبێت بۆیە بەهاوشێوەی بەعس کار
بۆ ئەوە دەکەن ئیستبدادانە ئەو بزوتنەوانە سەرکووت بکەن ئەوە بوو چالاکی (حککع) بە
شێوەیەکی زۆر نایاسایی خستە بەردەم دادگا و دەرەنجامیشلە شەرمەزاری زیاتر هیچیان بۆ نەمایەوە.
ماوەیەکیشە لە دوای ئەوەی حککع لەتەواوی عێراقدا کارو چالاکیەکانی دیاروبەرچاوە
بەشێوەیەکە ئەوانی خستۆتە بەردەم ڕامانەوە بۆیە بە پرەنسیبە هەمیشەییەکەیان لەنێو
سایتەکانەوە دوور لە پرەنسیبی سیاسی دەیانەوێت کۆمۆنیزمی کرێکاری بدەنە بەر ڕەخنە
ئەگەرچی ڕەخنە مەسەلەیەکی ئاساییەو پێم وایە ڕەخنەی بنیاتنان خزمەت دەگەینێت
بەلام ئەوان دێن ڕاستیەکان دەشێوێنن بۆ ئەوەی خۆش بڕوایەک لای خەڵک بۆ خۆیان دروست بکەن
بەلامئەوە ئەوە خەلکنیە کە بەدحاڵیانە لە شتەکان بگات وبەو دەهۆلانە
بکەوێتە سەما، ئەوەی زۆرتر سەرنجی ڕاکێشام لەدوای ئەوەی زۆرێک بێ ویژدانانە لەسەر
حککع نوسیان نوسینێکی کەسێکی بوو بەناوی (کاروان سەربەنی لە سایتی کوردستاننێتی
ڕۆژی 09–09–2003 لە ژێر ناوی حککع وخەباتی خەتەنە) ئەم ئەزیزە دەیەوێت خەڵک
باجی بێ ئاگایی ئەو بدات و بەدحالێتی خۆیمان بۆ بکاتە هەڵسەنگاندن. ئەگەرچی خۆی
بۆ خۆی کۆمەلێک ووشەی خستۆتەریزی یەک و ناوی لێناوە هەڵسەنگاندن لەکاتێکدا ئەو
شتانەی ئەو باسی کردووە چوار پێنج دێڕی کۆتایی نەبێت هیچی ڕەبتی بەتایتلەکەوە نیە
ئەگەرچی لە هیچ بەیاننامەیەکی حیزبی ڕەسمیدا شتێک بلاونەبۆتەوە ئەم دەیەوێت قسە
و باسێکی سەرپالتالک ی ژووری چەپی سەربەخۆ لەسەر حیزبێک بکاتە ماڵ، ڕاستە بەشێ
لەوانەی لە ژورەکەدا بوون و قسەکەر بوون بەرگریان لە سیاسەتی حککع دەکرد بەلام
ئەمە مانای ئەوە نیە کە ئەو کەسانە بەڕەسمی ڕاسپێردرابن کە بەناوی ئەو حیزبەوەقسە
بکەن (ئەگەرچی کاروان و منیش هاوراپین لەگەڵ قسەکانی ئەوکەسانەدا وەک لە دوا دێڕی نوسینەکەی دا
ئیشارەتی پێداوە) ئەوەی جێی سەرنجمە لەونوسینە دا ئەوەیە کە زۆر سەر
لێشێواوانە و دوو لایەنانە قسە دەکات جەوهەری نوسینەکەی بەڕەخنە گرتن ناو دەبات و
کەچی هەرخۆشێ دەڵێت ئەوەم پێ کارێکی باشە وەک لە دواین پەرەگرافی نوسینەکەی دا

لەسەر خەتەنە وتویەتی ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە کاروان و نمونەکانی کاروان بۆ زەمەنێکی نمونەیی دەگەڕێن و پێمان دەڵێن ئێوە بێ دەنگ بن کەی ئێمە بەباشمان زانی ئەو کاتە
ئێوە دەتوانن دەنگتان بێت هەڵبەت کەسی ئازادیخواز چاوەڕوانی ئەو زەمەنە نمونەی‌یە
هەرگیز ناکەن، کاروان چونکە تێگەیشتنی بۆ ئازادی لە بوارێکدا تەسک کردۆتەوە پێی
وایە کە نابێت کە ئەندامی حیزبێکی دیاری کراو بێت لەسەر هیچ بابەتێکی تر قسە بکات
دەنا گەر حاڵی بوایە دەبوو لەوە دڵنیابوایە کە ئەندامێت ستێکە و تێگەیستنی زات شتێکی تر و هیچ کات نابێت دەنگی زاتی لە نێو دەنگی حیزب دا وون بێت ڕەنگە کاروان ئەمە بۆ
خۆی قبول بکات بۆ کەسێکی تر ئەمە هەر بابەت نی‌یە چونکە کاروان جۆن بیر دەکاتەوە
ئازادە تا ئەو جێگەیەی سوکایەتی و نادروستی نەخاتە پاڵ هیچ لایەن و کەسێک.
لەسەرەتای نوسینەکەیدا دەیەوێت بێ ویژدانانە سیاسەتەکانی حککع بخاتە بەرڕەخنەو
دەیەوێت بڵێت ئەم حیزبە هەمیشە مەحکومە بەهەڵە، ئاخر ئەزیزم ئەو تەرازوەی تۆ زۆر بێ ویژدانانەیە،
تێ نەگەیستنی تۆ باجەکەی بەکەسی تر نادرێت، نوسیویەتی : (حککع
خۆی بە حیزبی چینی کرێکارانی عێراق دەزانێت و دەیەوێت پێشەنگایەتی خەباتیان بکات،
لەوەتەی ئەوحیزبە ناوی کەوتۆتە نێو ناوانەوە هەر جارەی شتێک دەکاتە دروشم و بان_
گەشەی بۆ دەکات) . . کاروان بێ ئاگایە لەوەی ئەم حیزبە دەمێکە پێشەنگی هەلسوراوانە و
لەو مەیدانەدا چالاکی‌یەکانی بەرچاوە، گۆڕانیی سیاسەتیش بە پێی هەلوبەرج ئەوە شتێکە
زۆر ئاسایی و ڕۆشنە هەلوومەرجی جیاواز خوێندنەوەی جیاواز هەڵدەگرێت بۆیە بڕیاری سیاسی دروست ڕوانین و خوێندنەوەی جیاجیا بەپێی هەلومەرج کارێکە ئاسۆی سیاسی
لە هەڵواسراوی ڕزگار دەکات، لە شوێنێکی تردا دروشمە کانی حیزب بە چەواشە کاری لە قەڵەم دەدات ودەلێت خەلکی بەگومانەوە لێی دەڕوانن. . بێ ویژدانی‌یە کە واتێ بگەیت ئەو
دروشمانە چەواشەکاربن پێم ناڵێیت ئەم حیزبە بانگەشەی بۆ چ پەیامێک کردووە کەمایەی
چەواشەکاری بێت، دیارەبەپێوانەی ئەحزابی‌حاکم ئەم بریارەت داوەئەزیزم غەڵەت ژمارەت
لێداوە و دایخەرەوە ئێرە ئەوێ نی‌یە ئەم حیزبە هیچ بریارێکی خەیاڵی بەخەڵک نەداوە و
کاری بۆ نەکردبێت گەر بواریان لەبەردەممدا نەگرتبێت، تۆ بینیت بارەگاکانی‌باڵی ئیسلامی
چۆن خزمەتدەکران و چۆن پێشوازی لەمیتی تورکی وئیتلاعاتی ئێرانی کرا بۆ لێدانیان لە
ئەحزابایەکی سیاسی تر و کەچی بارەگای حککع یان داخست، ڕۆژنامە ڕوو ڕەشەکانی
بەعس ئازادانە تا بەر لەمەرگی بەعس ئازادانە لە کوردستان دەفرۆشرا کەچی ڕۆژنامەی ئەم حیزبە یاساغ کرابوو، کێ بوو بە دروشمی درۆینە خەڵکی فریودا و 12ساڵ خەڵکی کێشەی خەڵکی کوردستانی بەهەڵواسراوی هێشتەوە و بەبڕیاری درۆ ئایندەی خەڵکی لە نادیاریدا هێشتەوە من دڵنیات دەکەم ئەو حیزبە گەر لە کوردستاندا نەبوایە و چالاکی ئەو
نەبوایە ئێستا کوردستان لەوە زیاتر سەرگەردان تر دەبوو.
کاروان دەیەوێت واخۆی دەربخات کە لایەنگری ئازادی‌و مەدەنی‌یە وکەچی زۆربێ ویژدانانە
لەسەر کاری منالْ بەرگری دەکات و دروشمەکانی نابۆکاری‌منالان دڵگرانی دەکات وپێی‌وایە
گەر منالْ لەلومەرجی کوردستان دا کاریان نەکردایە ئەوا لەلایەک بێ سەروبەرە دەبوون و

دەبوو لە کۆلانەکاندا بونایە لەلایەکی تر بژێوی خێزانیان لەسەر شان بووە، چەوتی ئەم بۆچوونە ڕۆشنە لە کوێداییە !پێم وانی‌یە هیچ ئینسانێکی ئازادی خواز بەرگری لە کاری منالانە بکات و بەو پێیە بوایە دەبوو ئەو ڕێکخراوانەی بەرگری لە مافی منالان دەکەن هەر
لەئەساسدا دروست نەبونایەو کاروان دیارەی کاری ئەوانیش بەکاری نادروست دەزانێت
بەدبەختی‌یەکە لەوەدایە کە پێی وایە بازاری بێ ڕەحم دەتوانێت منالێکی زۆر پوختەت بۆ
دروست بکات (من بۆ ئەمە داوای لێ دەکەم بچێت دەرونناسی منالان بخوێنێتەوە باوەڵام بە
خۆی دەستکەوێت) ، دواتر دێتە سەر دروشمی 35 سەعات کار و ئەم ئەزیزە دلگرانە لەوەش
پێی وایە کرێکاران گەر کاریان دەستکەوێت لەوە زیاتر کار دەکەن بۆ ئەمە قسەی کەسێکی
بەدبەختی نزیکیان بەنمونە دەزانێت ئەوەیە بەدبەختی کە لە قسەی کەسێکەوە کە کوشتەی
دونیایەک بەدبەختی‌یە لە ژیاندا ئەم دروشمە بخاتە بەر ڕەخنە. من پێم وانی‌یە هیچکەس
تەنانەت کاری سەختیش بەهی ئینسان بزانێت نەک سەعاتی کاری‌زیادە هەر خودی کاروان
توانای لەشتی دیاریکراوە کە تاچەند توانای کاری هەیە بادلنیابێت لەوەی هەر ماوەیەکی
کەم ڕۆژی 12سەعات ئیش بکات کەباسی لێ کردووە بزانێت چی لێ دێت ئیتر نازانم چی دەبێت ئەوی بەو شێوەیە دلگران کردبێت.
بەدبەختی‌یە کە تۆلەمانی زاراوەیەک نەگەیت وبەکاری بهێنیت و بیخەیتە ژێر ڕەخنەشەوە
کە نەزانیت چۆن وتراوە و مانای چی دەگەیەنێت. ئازادی بێ قەید و شەرت کە ئەو بەکاری هێناوە بۆ ئینسانەکان بە هەموو شێوەکانی‌یەوە دەیەوێت جاهیلانەلێکی داوەتەوەکە گوایە
پرەنسیبەکانی کۆمەڵ دەشێوێنێت چونکە ترسی ئەولەوەیە شتێک ناوی مەزهەبەوئەم دوای
کەوتووە دەچێتە حاشێوە ئاخرکاتێک دەوترێت ئازادی بەو مانایەی کە تۆ زۆر لەوە کۆنە
پەرستانەتر بیر بکەیتەوە ئازادیت و دەتوانیت مومارەسەی ژیانی خۆت بکەیت. ئەوە لە
دونیای کۆمۆنیزم دایە کە ئینسان لەسەر بیروباوەڕەکانی ناچەوسێتەوە و کەس لەسەر
بیروباوەڕ نابێت زیندانی بکرێت و هەڕەشەی مەرگی لێ بکرێت و تیرۆر بکرێت، ئەوە تۆیت
بەم بۆچونانەت دەتەوێت کۆمەلگا لە ئاستێکی دواکەوتوویدا ڕابگریت و بیان گەڕێنیتەوە بۆ سەردەمی جەهالەتی قورەیش‌ڕەنگە بلێت من‌مەبەستم ئازادی سێکسە ئاخرئازادی‌سێکس
بەشێکە لە ئازادی‌یە ئینسانی‌یەکانو دابڕاونی‌یە لە پێویستی‌یەکانی تر وەک ئەوەی ماسلۆ
لە هەرەمەکەی دا ئیشارەی پێداوە کە هاوکات بەپێویستی‌یە بایۆلۆژی‌یەکان حساب دەکرێ
دەلێت بەم دروشمانە چەندین ژنیان بەتەلاق دانداوەک ئەوەی دلگرانی ئەوە بێت کە چەند
ژنێک لە دەست ستەمی پیاوسالاری و نائینسانی‌یەت ڕزگاریان بووە، ڕۆشنە ئەولە کوێ‌وە
قسەدەکاتوپێی وایە دەبێت هەمیشە ئافرەت کۆیلەی پیاو و شووەکانیان بن، من دلنیامگەر
بەویژدانەوە سەیری پرۆسەی زەواجی کوردستان بکەی تێ دەگەیت لەوەی بەشێکی زۆری
لە چەوساندنەوە زیاتر هیچ مانایەکی ئینسانی نی‌یە و خالی‌یە لە پەیامی ئینسانی.
مانەوەی ژن بە پاشکۆی پیاو جگە لەوەی برەودانە بە کۆنەپەرستی‌یەت و ڕاگرتنی ژیانی ئەو ئافرەتەیە هیچی تر نی‌یە چونکە لە باوەڕی ئەویش دا وایە گەر پیاوەکە دلگرانی ئەو
ژیانە بێت ئەوا زۆر ئاسان داتوانێت ژنێک و دوان و سیانی تر بێنێت بۆیە من واتێ دەگەم ئەم تەبلیغە هیچ دوور نی‌یە بەخاتری شەرعی‌یەت دان بەچەند ژنەیی نەبێت، ئاخر کەسێ

**بەخواستی خۆی بڕیار لەسەر ژیانی نەدات مانای چی‌یە داوای لێ بکرێت ژیان و شوەکەی ڕابگرێت؟دێتە سەر کردنەوەی بارەگاکانی بەرگری کردن لە مافەکانی منالآن و ئافرەتان و کاکی ڕۆشنبیر بەشوێنی بەدڕەوشتانی ناودەبات، وەک ئەوەی دڵگرانە لەوەی ئەو کەسانە کە لەوێدا بەرگریان لێ کراوە و گوێ لە داخوازی‌یەکانیان گیراوە، ڕەنگە بەو بوایە هەر لە سەرەتاوە تەسلیم بە کەس و کاریان بکردنایەتەوە و لوت و گوێیان ببڕینایە و بیان کوشتنایە، لە سوێنێکی تردا دەیەوێت لە پلە و پایەی کۆمەڵایەتی کۆمۆنیستەکان بهێنێتە خوارەوە و دەلێت کە کەسێک دەچوو بۆ لایان ژنەکانیان نەدەهاتن بۆ بەخێر هاتن، ڕاستی ئەو قسەیە لە پێکەنین زیاتر هیچ وەڵامێک زیاتری قابیل نی‌یە بەهیوام ئەوەی لێی بگات دواتر باس لە مەسەلەی ریفراندۆم دەکات ئاسۆ کەمال زۆر بەدروستی وەلامی ئەووا زۆری تری داوەتەوە بۆیە من لەو بارەیەوە هیچ ناڵێم بەهیوام ئەوەی گەر بیەوێت سەیری ئەو نوسینەی ئاسۆ کەمال بکات، لە مەسەلەی خەتەنەشدا کە دەیەوێت دەم لە باسی بدات لە بۆچونەکانی تری باشیتر نەدواوە و دوو لایەنەی بەرچاو بەقسەکانی‌یەوە دیارە لەلایەک بۆی جێی ڕەخنەیە لەلایەکی تر دەلێت منیش لەگەل ئەوەدام کەس خەتەنە نەکرێت بەڵام دەپرسێت ئایا خۆتان ئەمەتان لە پراکتیکدا بۆ منالْ و کەستان کردووە من دڵنیای دەکەمو پێی دەلێم بەڵێ.** 10–10–2003